لیستی موچەی مانگی حوزەیرانی فەرمانبەرانی هەرێم ئادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدێرال دەکرێت

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم رایگەیاند، لیستی موچەی مانگی (حوزەیران/6)ی 2025 ئادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدێرال کرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابوری، ئەمڕۆ چوارشەممە لیستی موچەی مانگی (حوزەیران/6)ی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تیمی تەکنیکی وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستانەوە ئادەستی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کرا.
ئەوەش لەکاتێکدایە تا ئێستا حکومەتی فیدێرالی موچەی مانگی (ئایار/5)ی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی رەوانە نەکردوە، بە ناردنی پارەکەش مەرجی رادەستکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی و تەوتینی موچەی بە هەرێمی کوردستان دیاریکردوە.

لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەخت لەسەر پابەندبونی خۆی بەرکەوتنەکان لەگەڵ حکومەتی فیدێرال دەکاتەوە و دەڵێت، "بەغدا هەرجارە و بەبیانویەك ناردنی موچەی

فه□رما نبه□ران دواده□خات".